# زەمەن دەوستێ کە نایێ ی

کاوەی خەسرەو کاوانی



ئەو ساتانەی لەژێر رێژنەی
سەختی باران
لەچاوەڕوانی هاتنت
تێکەڵاوی باران دەبووم ,
ئەو ساتانەی وەکو ئەوەی
میلی کاتژمێر وەستابێت
لە حەژمەتی هاتنی تۆ
کەڵبە گەستی ماران دەبووم ,
وام دەزانی جیهان لە سوڕی کەوتووە
وەستان خۆی داوەتە زەمەن ,
زۆردەترسام تەنیا من لە جوولە دابم و ...
پێش هاتنت
تەواو بێت و بتوێتەوە مۆمی تەمەن ,
دیدەی رۆحی پڕ برینی و
ژینم بە تۆوە دەبینم ,
پەروەردەی قولآی ناخی و
غوربەتت بارانی سۆزە بۆ گرینم .